www.kurdistannet.org
5-1-2006 20:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سڵاو لە سەربەرزی پەشێو، ڕەخنەش لە بێدەنگییەکەی ... قادر نادر

کەس ناتوانێت کاریگەرییە راستەوخۆکانی عەبدولا پەشێو لەسەربلاوکردنەوەی بیری کوردستانیەت و هەلوێست نواندن و بەرامبەر دەسەلات لە بەر چاو نەگرێت، جا ئەم دەسەلاتە داگیرکەرانی کوردستان یان عەقلی سەرکردایەتی کورد بوبێت بەرامبەر کۆمەلگای کوردی بەگشتی و رۆشنبیران بە تایبەتی.

مانەوەی پەشێولەبەرەی گەل لەم ماوە دوورو درێژە دا، بۆتە هۆی ئەوەی نەك هیچ رۆشنبیرێك، بگرە هەندێ پارتییش نەتوانێت خۆی لە قەرەی ئەو جەماوەرە پان و بەرینەی بدات، هەروەك لەزۆربەی کۆرە سیاسی و شیعریەکانی لەکوردستان دەرکەوتووە کە لە 1500 کەس کەمتر ئامادە نەبوونە، لەکاتێکدا ئەم جەماوەرە بۆ هیچ کۆڕی سەرکردەیەکی کورد کۆنابێتەوە!.

ئەمەش بەو مانایە نایات مامۆستا پەشێو بە دەرە لە رەخنە، بۆیە دەمەوێت هەندێ تێ بینی خۆمی لەسەر بنوسم.

پەشێو بەهۆی ئەو کاریگەریەی لە سەر شەقامی کوردی هەیەتی، ئەرکی سەرشانێتی خۆی رزگار بکات لەو شێوە خەباتە کلاسیکیەی کەسالانە 'تەنها یەك دوو کۆر لەهەندەران و 5 سال جارێکیش دەچێتەوە کوردستان، چونکە رووداوە سیاسیەکانی رۆژهەلات بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی زۆر بە خێرایی دەروات.

دواتر پەشێو لە گەرمەی رووداوە سیاسیەکانی تایبەت بەکورد، چ لە هەندەران یان لە کوردستان هەلوێستی دیار نییە!؟ دوای تێ پەرینی چەندین مانگ بەسەر هەر ڕوداوێك، ئەوکات بیروباوەرەکانی خۆی لەکۆرێکی شیعر خوێندنەوەدا دەردەبرێت، پێشم وایە رووداوی سیاسی ئەگەر گەرماو گەرم قسەت لەسەری نەکرد، دوای رووداوەکان هیچ کاریگەریەکی نابێت، بۆ نموونە چ کاریگەریەکی سیاسی هەیە ئێستا مرۆڤ بێت قسە لەسەر هەلەکانی سەرکردایەتی کورد بکات لە دوای رووخانی سەدام؟

وە هەقە مامۆستا پەشێو لە بەرامبەر ئەو رووداوە گرنگانەی لەژێر دەسەلاتی یەکێتی و پارتی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کپکردنی ئەو هەناسە دیموکراسیەی کورستان روو دەدەن، گەرماو گەرم بە گووتار و چاوپێکەوتن و کۆرگێران پربکاتەوە، بۆنموونە لەسەر چەندین رووداوی مەترسیداری وەك (ئەو شێوازە گرتن و 30 سالی زیندانیەی پارتی بەرامبەر د کەمالی سەید قادر و تەقەکردنی یەکێتی لەخەلکی کەلار ودەرکرنی وەزیری رۆشنبیری فەتاح زاخۆیی و......... کە هەر یەکێك لەمانە سیمای یەکجار مەترسیدار پیشان دەدات بۆ ئایندەی سیستەمی دەسەلات لەکورستاندا.

ئەگەر لە80 و 90 کانی سەدەی پێشوو پەشێو یەکێك بووە لەو رۆشنبیرە دەگمەنانە، بوێرانە رەخنەی لە عەقلی سیاسی کوردی گرتووە، جێ پەنجەی زۆر بە گەورەیی دیارە، ئەوا ئەمرۆ لە چاو چەندین نوسەری کورد بەگشتی و ئەونوسەرە گەنجانەی لە 5 سالی رابردوودا سەریان هەلداوە زۆر جێگای پرسیارە؟ چونکە ئەمان بە کۆ قسەناکەن وەك (پارتی یەکێتی، یان عەقلی سیاسی کورد) بەلکو راستەوخۆ ناوی ئەوحزب و سەرکردانە دەهێنرێت کە هەلەو تاوانە سیاسیەکان دەکات، ئەمەش گۆرانێکە لە عەقلی رەخنەگرتن لە چاو ئەو شێوازە دەربرینە کۆنەی کە بە شێوەی گشتی باس دەکرا، کە هەق وایە پەشێو

پەنجە بۆ ناو و حزب بکێشێت لەبەرامبەر هەر کەم و کورتیەکدا، چونکە کۆمەلگای کوردی و یەکێتی و پارتیش بەم شێوەیە دەتوانرێت گۆران لەبیرو مامەلەیان بکرێت.

یەکێك لە سیماکانی حزب و سەرۆکی دیکتاتۆر ئەوەیە، هیچ گرنگی بەو رەخنەو نارەزایەتی نامانە نادات کە ئاراستەی دەکرێت، پێچەوانەی ئەمەش نیشانەی حزب و رێکخراو کەسایەتی دیموکراسیە، دیارە لێرە مەبەستم نییە بلێم پەشێوو کەسێکی دیکتاتۆرە و لووتبەرزە، چونکە هەموو ئەوکەسانەی لەنزیکەوە دەیناسن دەزانن چەندە سادەو قسە خۆش و بەرێزە و چ کاتێکیشی تەرخان کردووە بۆ وەلامی ئەو هەموو تەلەفۆنە سیاسیانەی بۆی دەکرێت، بەلام دەبێت ئەوەش بلێین زۆرجار نامەو تێبینی ئاراستەی کراوە هیچ وەلامی نەبووە کەد وایین نامە لەلایەن رێکخراوی چاکەوە بەرەسمی ئاراستەی کرا، بەلام وا بۆ مانگێك زیاترە هیچ وەلامی نییە!؟

پێم وایە مامۆستا پەشێو کە ئەو کاریگەریەی هەیە لەسەر شەقامی کوردی و رۆشنبیران هەقە زیاتر جێ پە نجەی دیار بێت لەسەر رووداوە سیاسیەکانی کوردستان، ئەگەر ناشیەوێت پەیام و هەلوێستەکانی لەمیدیای حزبی دەرببریت ئەوا چەندین بنکەی راگەیندنی تر هەیە وەك مالپەرە کوردیەکان و تۆری ئەنتەرنێت و هەندێ رۆژنامەی بێلایەنی کوردی........... ئەگەر نا قەتیس مانەوەی لەو چوار چێوە داخراوەی زیان بەخۆی و کورد دەگەیەنێت.

لە کۆتایشدا لەگەل هەموو ئەو تێبینیانە دەلێم کوردو کێشەکەی پێویستیان زۆر بەو رۆشنبیرانەی وەك پەشێو هەیە کە تا ئێستاش لە بەرەی گەلن، هەلوێستە سیاسیەکانی خۆیان سەر بەرزانە راگرتووە، پێچەوانەی ئەو بەناو رۆشنبیرانەی خۆیان پێ رێبەری رۆشنبیری کوردیە، کەچی وەك بالندە جۆت جۆت تەسلیم بەدۆلارە کەسکەکانی دەسەلات و شەوانی چەند بوتلێك ڤۆدگاو وێسکی شیراتۆن و سەرچنار دەکەن و ویژدانیان دەفرۆشن.